**کۆنگرەی یەکەمی پارتی سەربەستیی کوردستان بە بەشداری سەدان پارت و لایەن و کەسایەتی کوردستانی وجیهانی کۆتایی بەکاری ٣ ڕۆژەی خۆی هێنا. بەیاننامەی ژمارە ١ی کۆتایی کۆنگرەی یەکەمی پ س ک .**



**کوردستانیانی وڵاتداگیرکراو، هاونیشتمانانیخۆشەویست، تێکۆشەرانی ڕێبازی نەتەوەیی و هاوبیرانی پارتی سەربەستیی کوردستان**

**بە خۆشحاڵییەوە پێتان ڕادەگەینین کە پارتی سەربەستیی کوردستان لەڕۆژانی ٢٢ و ٢٣و ٢٤ ی گەلاریزانی ٢٧٠٩ی کوردی بەرامبەر ١٣ و ١٤ و ١٥ ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٩ ی زاینی، بە بەشداری سەدان پارت ولایەن و کەسایەتی کوردستانی و جیهانی، لەژێر ناوی ( کۆنگرەی گەشەی بیری سەربەخۆیی لەڕۆژهەلاتی کوردستان ) لە کەش و هەوایەکی دیمۆکرات و نەتەوەییدا کۆنگرەی یەکەمی خۆی بە سەرکەوتوویی بەڕیوەبرد.**

**ڕۆژی یەکەمی کۆنگرە ٢٢ی گەلاڕێزانی ٢٧٠٩ ی کوردی: ڕۆژی یەکەمی کۆنگرە تایبەت کرابوو بۆ بەشداری میوانان و ئەندامانی پارتیمان. کە بەخۆشییەوە هەرچەند خولەک پێش دیاریکردنی کاتی هاتنەژوورەوەی میوانان وئەندامان، دیتمان بەخرۆشەوە میوانانی بانگهێشتکراو لە شوێن و ولاتە دوورەکانەوە خۆیان گەیاندبوە هۆڵی کۆنگرە، و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا هۆڵی کۆنگرە پڕبوو لە میوانان و ئەندامانی کۆنگرە، شایانی باسە کە بە هۆی ژمارەی زۆری بەشدار بووان بەشێک لە ئەندامانی پارتی سەربەستیی کوردستان لە ساڵۆنی کۆنگرە شوێنەکانی خۆیان بە جێدەهێشت بۆ میوانان. هەروەها بە هۆی زۆری ژمارەی پەیام و بروسکەکان نەکرا کە پەیام و بروسکەکان لە لایەن شاندی لایەنەکانەوە بخوێنرێنەوە، لە کۆنگرە تەنیا ئاماژە بە ناوەکانیان دەکراو بە ئامێری پرۆژێکتەریش پەیتا پەیتا پێشان دەدران، بەرنامەکانی ڕۆژی یەکەم بەم شێوەی خوارەوە بەڕێوە چوو.**

**" سەرەتا بە سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب بەرنامەکانی کۆنگرە کرایەوە.**

**" بۆ ڕێزلێنان لە شەهیدانی سەربەرزی کوردستان یەک خولەک بێدەنگی ڕاگەیاندرا.**

**" کردنەوەی بەرنامەکانی کۆنگرە لە لایەن بە تەمەنترین ئەندامی پسرک خوشکە ناهیدە ڕەشیدیان.**

**" بەڕێوەبەرانی بەرنامەکانی کۆنگرە بە زمانە جیاوازەکان، شلێر موراد ڕەسوولی بەشی ئینگلیزی، ڕێبوار ئەحمەدزادە و یەدوڵا سوڵتانپەناە بەشی کوردی، شیلان ئەحمەدی بەشی نۆرویژی، خۆیان ناساندوو خێرهاتنی بەشدار بوانیان کرد**

**" لە لایەن بەڕێوەبەرانی بەرنامەکانی کۆنگرە، یادی شەهیدی نۆیی ڕۆژهەلاتی کوردستان کاک ئیحسان فەتاحیان بە هەڵبەستێک بەرز ڕاگیرا.**

**" پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی سیاسی و گشتی٣ ساڵ و ٨ مانگ و ٢٧ ڕۆژ کارو تێکۆشانی پارتی سوبەستیی کوردستان، لە لایەن عارف باوەجانی سەرۆکی گشتی پارتی سەربەستیی کوردستان پێشکەشکرا، ناوبراو پێش**

خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکەی وێرای بە خێرهاتنی میوانەکان، بە نیشانەی ریز لێنان ناوی ٢ شەهیدی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هێنا، وەک شەهید مامۆستا سەلاح سۆران کە بە مامۆستای بیری نەتەوەیی بە بەشداربووانی کۆنگرەی ناساند، هەروەها ئاماژەی بە شەهید ئیحسان فەتاحیان کرد وەک تازەترین شەهیدی ڕۆژهەڵاتی کورستان تا کاتی بەستنی کۆنگرە و سەرەخۆشی ئاراستەی بنەماڵەکانیان کرد

لەو ڕاپۆرتەدا بە ڕوونی ئاماژەکرا بە کارو چالاکییەکانی پارتی سەربەستیی کوردستان لەچەند مانگ پێش دروستبوونی تا ڕۆژی دەست بەکاربوونی کۆنگرەی یەکەم، بەشی دووەمی ڕاپۆرتەکە کە بەشی سیاسی بوو پێشکەشکرا، لەو بەشەدا بە باشی ئاماژە کرا بە هەلومەرجی جیهان و کوردستان و ئێران و بیری سەربەخۆیی.

" ڕەشنووسی ئامادەکراوی بڕیارەکانی کۆنگرەی یەکەمی پارتی سەربەستیی کوردستان لەلایەن هەر یەک لە بەریزان کاک یەدوڵا سوڵتانپەنا و کلک ڕێبوار ئەحمەدزادە پێشکەشکران، کە وێرای چەند پێشنیار بۆ هیندێک گۆڕانکاری سەرەتایی، بەگشتی لە لایەن بەشداربوانەوە پێشوازی لەو بڕیارانە کرا و بە بڕیاری پێویست وبەجێ باسیان لە سەر دەکرا.

" لە نێو ئاخنی بەرنامەکاندا ئاماژە بە ناوی ئەو پارت ولایەن و کەسایەتییە جیهانی وکوردستانیانەدەکران کە بە بەشداری لە سالۆنی کۆنگرە و ناردنی پەیام وبروسکە بە شێوەی جۆراوجۆر کۆنگرەی پارتی سەربەستیی کوردستانیان پیرۆز دەکرد.

" پاشان بەشی یەکەمی پانێلی کۆنگرە لە ژێر ناوی کۆرد بۆ دەبێت خەبات بۆ سەربەخۆیی بکات، بە بەشداری هەر یەک لە بەڕێزان دوکتۆر حسین خەلیقی و دوکتۆر گوڵموراد مورادییەوە کورتە وتارێک پێشکەشکران، و پاشان بە پرسیار و هەڵسەنگاندنی میوانانی کۆنگرەپانێلەکە زیاتر گەشەی سەند.




" پشوویەکی یەک کاتژمێری بۆ خواردن ڕاگەیاندرا، کە ئێوارە خوانێکی کوردەواری لە لایەن کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەوە بۆ میوانان ئامادەکرابو

" بەشی دیکەی کۆنگرە بۆ میوانانی نۆرویژی تەرخان کرابوو، نوێنەرانی هەر یەک لە پارتی سوسیال چەپی نۆرویژی لە لایەن گەرموند ئەندامی کۆمیتەی کاروباری نێونەتەوەیی، تورستەین داڵە سەرۆکی پارتی ئاڵیانسی سوری نۆرویژی، ئولە ئیلڤستووەن جێگری سەرۆکی پارتی لیبراڵی نۆرویژیوتاریان پێشکەش کرد.

کە دەقی وتارەکانیان ڕاستەوخۆ لە لایەن بەڕێز باقی تالیبولعیلمبە زمانی کوردیش بۆ میوانان وەردەگێردرایەوە.

" لە بەشی دیکەی بەرنامەکاندا درێژەی پەیامە گەیشتووەکان بە ناوهێنانیان و پێشاندانیان لەسەر پرۆژەکتر بۆ میوانان بەردەوام بوو.

" بە پێشاندانی سرودی تایبەت ی پارتی سەربەستیی کوردستان بۆ میوانان، سوپاس و پێزانینی کۆنگرەی یەکەمی پارتی سەربەستیی کوردستان ئاراستەی شاعیری لاو عارف عەزیزی کرا، کە ئەو سرودەی بۆ پارتی سەربەستیی کوردستان ئامادەکرد بوو.

" سوپاسی کۆنگرە بۆ نگارکێشێ بە توانا کاک یوسف سووری کرا، کە ئارمی پارتی سەربەستیی کوردستانی بە شێوەی نگار ئامادە کردبوو.

" پارچە هەڵبەستێک و وتارێکی نەتەوەیی لە لایەن شاعیری نیشتمان پەروەر خاڵە حەمە پێشکەشکرا.

" هەلبەستێکی بە تین و بە جۆش لە لایەن شاعیری نەتەوەیی مام ئەنوەر سوڵتانپەناە پێشکەشکرا.

" سوپاسنامەی کۆمیتەی ئامادەکاری بۆ بەشداربووان پێشکەش کرا.

" بە سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب کۆتایی بە کارەکانی ڕۆژی یەکەمی کۆنگرە هات.

**ڕۆژی دووەمی کۆنگرە ٢٣ی گەلاڕێزانی ٢٧٠٩ ی کوردی** : ڕۆژی دووەمی کۆنگرە کە تایبەت بوو بۆ ئەندامانی پارتی سەربەستیی کوردستان، بەبەشداری دەیان کەس لە ئەندامانی پارتی سەربەستی لە وڵاتانی ئوروپایی، هاوکات بە مەبەستی ڕاوێژ بۆ هیندێ خاڵی گرنگ٢ کەسی تایبەت ودوور لە ڕێکخستنەکانی پسک بۆ ڕۆژی دووەم بەشدار بوون، لە زۆر بواردا بۆچوونی تایبەتیان بە سەرکردایەتی تازە هەڵبژێردراو دەدا، ڕۆژی دووەمی کۆنگرە بە شێوەی خوارەوە درێژەی بە کارەکانی خۆیدا.

"کردنەوەی بەرنامە بە سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب.

"هەڵسەنگاندن و لێدوان لەسەر ڕۆژی یەکەمی کۆنگرە.

" لێدوان لە سەر ڕەشنووسی بڕیارەکانی کۆنگرەی یەکەمی پارتی سەربەستیی کوردستان. کەڵک وەرگرتن لە پێشنیاری بەشداربووانی ڕۆژی یەکەم، بە کۆی گشتی بڕیارەکانی کۆنگرە دوای تاوتۆی و باسێکی زۆرپەسەندکرا.

" لێدوان لە سەر بەرنامەو پرۆگرام، دیاری کردنی کۆمیتەیەکی ٥ کەسی تایبەت بۆ پێداچوونەوەو داڕشتنەوەی بەرنامە بە شێوەیەکی ئامادە بۆ چاپ و وەرگێران بۆ سەر زمانەکانی ئینگلیزی و فارسی

" هەڵبژاردنی سەرکردایەتی نوێ، کە هەریەک لەم بەڕێزانە بە ئەندامی سەرکردایەتی تازە هەڵبژێردران. عارف باوەجانی، دڵشاد پەروانە، ئیبراهیم جاف، فەرهاد جەهانگیری، هاشم موحەممەدی، شلێر موراد ڕەسوڵی، ڕێبوار ئەحمەدزادە، یەدوڵا سوڵتانپەناە، شاهۆ بەگیزادە.



" بەشێ دوایی هەڵبژاردن تەرخانکرابوو بۆ لێدوان لەسەر ئەرک وچالاکیەکانی سەرکردایەتی تازە هەڵبژێردراو.

" پشوو و نانخواردن

" هەڵبژاردنی سەرۆکی گشتیی بۆ ماوەی ٤ ساڵ کە بە دەنگی گشت ئەندامانی بەشداری کۆنگرە، کاک عارف باوەجانی وەک سەرۆکی نوێی پارتی سەربەستیی کوردستان هەڵبژێردرا.

" پشوویەکی ١٥خولەکی بۆ پیرۆزبایی ئەندامان لە هەڵبژێردراوان.

" لێدوان لە سەر شێوەی کارکردنی داهاتوومان وبابەتی ئازاد و گشتیی لەلایەن بەشدار بووان.

" كۆتایی ڕۆژی دووەمی كۆنگرە بە سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب.
" ئێوارەی هەمان ڕۆژ لە شوێنی حەسانەوەی بەشێك لە ئەندامانی كۆنگرە، بۆ ماوەی ٥ كاتژمێر بە بەرنامەی شادی و ئەدەبی و خوێندنەوەی هەڵبەست و بابەتی جۆراو جۆر خۆشحاڵی بەرامبەر بە كارە سەركەوتووەكانی كۆنگرە نیشان دەدرا. كە لەو كۆڕە شادی و ئەدەبییەدا هەر یەك لە بەڕێزان كاك دوكتۆر حسێن خەلیقی و دوكتۆر گولموراد موورادی بەشدار بوون.

**ڕۆژی سێیەمی كۆنگرە ٢٤ی گەلاڕێزانی ٢٧٠٩ ی كوردی** : كردنەوەی بەرنامە بە سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب.
" لێدوان لە سەر ئەرك و كارەكانی سەرۆكی گشتیی و ئەندامانی هەڵبژێردراوی سەركردایەتی.
" لێدوان لە سەر هەڵبژاردنی ٢ جێگری سەرۆكی گشتیی
" دیاری كردنی كاتەكانی كۆبوونەوەی سەركردایەتی
" بۆچوون وپێشنیاری جۆراوجۆر
" كۆتایی كۆنگرەی یەكەمی پارتی سەربەستیی كوردستان، و گەڕانەوەی ئەندامانی كۆنگرە بۆ شوێنی ژیانی خۆیان لە وڵاتانی ئورووپایی.

ناوی ئەو پارت و لایەن و كەسایەتییە كوردستانی وجیهانیانە كە تا ڕۆژی كۆنگرە پەیام وبروسكەكانیان بە دەست كۆمیتەی ئامادەكاری كۆنگرەی یەكەمی پ س ك گەیشتوون. بە شێوەی خوارەوە پێشكەشتان دەكرێت، و هەروەها بە دەیان پەیام و بروسكەی دیكە چاوەڕی دەكرێت لە ڕۆژانی داهاتوو بە دەستمان بكات.

**كوردستانییەكان** : پارتی دیمۆكراتی كوردستان پارتی سوسیالدیمۆكراتی كوردستان- ڕۆژهەڵات، حیزبی دیمۆكراتی كوردستانی ئێران، كۆمەڵەی زەحمەتكێشانی كوردستان، حیزبی دیمۆكاتی كوردستان، یەكێتی نیشتمانی كوردستان، كۆنگرەی نیشتمانی كورد لە ئەمریكا، ئەنجومەنی پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە ئۆردوگای قوشتەپە سەر بە پارێزگای هەولێر( جەهانگیر ئەحمەدی) بەرپرسی ئەنجومەن. ئەنجومەنی پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە ئۆردوگای باریكە سەر بە پارێزگای سلێمانی (سەلاح یارحوسەینی) بەرپرسی ئەنجومەن. حیزبی ڕزگاری كوردستان، كۆمیتەی ناوەندی پارتی دیمۆقراتی كوردی سوریا( ئەلپارتی ) پارتی چەپی كوردی سوریا، ریكەفتنا دیمۆقراتا كوری سوریا ( ویفاق )، كۆنگرەی نیشتمانیی كوردستان، بزووتنەوەی دیمۆكراتیكی یارسان، حیزبی شیوعی كوردستان، یەكێتی نەتەوەیی دیمۆكراتیكی كوردستان، پارتی ژیانی ئازادی كوردستان، پارتی چارەسەری دیمۆكراتی كوردستان، ڕێكخراوی خەبات ی شۆڕشگێری كوردستان، ڕێكخراوی لاوانی سەربەستیی كوردستان، ناوەندی زانیاری ڕۆژهەڵاتی كوردستان، حیزبی زەحمەتكێشانی كوردستان. پارتی سەربەخۆیی كوردستان، پارتی كرێكاران و ڕەنجبەرانی كوردستان. سازمانی خەڵكی كورمانج ( كوردەكانی خۆراسان )، چاودێری كوردۆساید - چاك حزبی سۆسیالیست دیموكراتی كوردستان/ مەلبەندی ئەوروپا، پارتی چەپی كوردستان، یەكێتی لاوانی دیمۆكراتی ڕۆژهەلاتی كوردستان، خوێندكارانی ناسیونالیستی كورد ناسر قادرپور وتەبێژی ڕێكخراو، ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالكردن و جینۆسایدی گەلی كورد – چاك، پارتی سۆسیالیستی كورد (پاسۆك) حیزبی لیبراڵ دیمۆكراتی كوردستان،پەیامی ٢٩ ڕێكخستن و شانەی ناوخۆی وڵاتی پارتی سەربەستیی كوردستان. پەیامی ئەندامانی پارتی سەربەستیی كوردستان دانیشتوو لەناوچەكانی باشوری كوردستان. كۆمەڵەی كوردەكانی سوریا لە نەرویج، ڕێكخراوی سەربەخۆی دیفاع لە مافی مرۆڤ لە هۆلەند، پەیامی ٢٣ پەنابەری ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە توركیا.

**كەسایەتییە كوردستانییەكان**

دوكتۆر مەحمود عوسمان كەسایەتی سیاسی ناسراوی كوردستان، شاعیری نەتەوەیی كورد عەبدوڵا پەشێو، خاڵە

**حەمە شاعیری نەتەوەیی، عارف ڕوشدی تێکۆشەری دێرینی کوردستان، مام ئەنوەر سوڵتانپەناه شاعیری نەتەوەیی، ئەردەشیر کەڵهوڕی ئەندازیار و چالاکی بیری نەتەوەیی کورد لە کالیفۆڕنیا ئەمریکا. شێخ مورشید شێخ مەعشوق خەزنەوی کەسایەتی ئاینی وسیاسی ڕۆژئاوای کوردستان. کاک ڕۆستەم حەلاق دۆستی نزیکی پارتی سەرسەربەستیی کوردستان و سەرۆکی پێشووی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان، سەردار پشدەری چالاکی سیاسی و ئابوری کوردستان‌نووسەر. عەبدوڵاه حەسەنزادە سکرتێری پێشووی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، چالاکی سیاسیڕۆژهەڵاتی کوردستان و نووسەر و وەرگێڕ. دوکتۆر بورهان یاسین مامۆستای زانکۆ و نووسەر، شنە پێنجۆێنی ڕەخنەگرو چاودێری هونەری و سیاسی، کۆیستان داودی چالاکی بواری سیاسی و بواری ژنان. ئیبراهیمی لاجانی چالاکی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. باقی تالیبولعیلم چالاکی سیاسی و مافی مرۆڤ و نووسەر، چنوور مێهرپەروەر چالاکی بواری ژنان، ئیقبال سەفەری تێکۆشەری سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، عوسمان پاڵانی چالاکی‌سیاسی لە واشنگتۆن ئەمریکا، فایەق مەحموودی،ڕۆژنامە نووس و چالاکی مافی مرۆڤ، پەروین موحەممەدی چالاکی بواری سیاسی و ژنان لە ئەمریکا، هاشم ڕۆستەمی چالاکی سیاسی ڕۆژهەلاتی کوردستان، ڕزگار باهیر هونەرمەندی شانۆو دراما، ئاسۆ گەرمیانی چالاکی سیاسی باشووری کوردستان، ئەحمەد جەهانگیری چالاکی سیاسی ڕۆژهەلاتی کوردستان، دوکتۆر سامان شالی‌سەرۆکی پێشووی کەی ئین سی. بوکەس بەرواری چالاکی سیاسی باشوری کوردستان، ئیسکەندەر بەکری چالاکی سیاسی ڕۆژهەلاتی کوردستان، شێروان عومەر چالاکی سیاسی ڕۆژئاوای کوردستان، حەسەن غەمبار چالاکی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، فاروق میهری خۆێندکاری زانستی باڵا وچالاکی سیاسی، کۆسار فەتاحی چالاکی مافی مرۆڤ وڕۆژنامە نووس، موحسین خالیدی ڕۆژنامەنووس و چالاکی بواری مافی‌مرۆڤ، هاوار بانیخێڵانی شاعیرو ڕۆژنامە نووس. ئەحمەد خەسرەوی شاعیر، عارف عەزیزی شاعیر، ئەنوەر کاکایی چالاکی سیاسی، ناسر عەزیزی چالاکی سیاسی، عوبەدی بیهرۆزی چالاکی‌سیاسی واشنگتۆن ئەمریکا، سەید کامل سەید تاهیر جەباری لێپرسراوی ناوچەی شۆڕش ی لقی ١٩ی پارتی دێمۆکراتی کوردستان سیدعزەدین جباری کوردستان .کەرکوک، نوسەر و شاعیر عبدالله سەنگاوی کەرکوک. شێخە و بەرپرسانی ژووری نەتەوەیی لە پاڵتاڵک، مامۆستا مەجید پاڵانی چالاکی سیاسی ومامۆستایی ئاینی و نیشتمان پەروەر، مامۆستا فەتاح ئەحمەدی چالاک سیاسی، ئاریا ئەحمەدی ڕۆژنامەنووس. سەلاح بایەزیدی ڕۆژنامەنووس وچالاکی مافی مرۆڤ، ئیبراهیم کۆنەپۆشی چالاکی سیاسی و رۆژنامە نووس، سەلاح عەبدوڵاپور چالاکی سیاسی ،حەمید مائیلی چالاکی سیاسی، عەلی ئیلامی چالاکی سیاسی، ئەبوو هیوا وەرزشکاری کرماشان وچالاکی مافی مرۆڤ، ئەفسانە شراه موحەممەدی شاعیرو ڕۆژنامەنوس، لوقمان فاروقی چالاکی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جەمال نەجاری چالاکی سیاسی و ڕۆژنامە نووس، ئەمین عەبدی چالاکی سیاسی و ئەدەبی، مێهناز کرماشانی خۆێندکار خەلیل ڕەحیمی چالاکی سیاسی، مارف ئەحمەدی چالاکی سیاسی، هەڤاڵ نژاد ڕۆژنامە نووس، نەجیم ئینفرادی چالاکی بواری لاوان،ڕزگار بارامی چالاکی بواری لاوان، بنەماڵەی سوهەیلی فەر.**

**پەیام و بروسکەی میوانە بێانیەکان.**

**حیزبی دیمۆکراتی ئەمریکا، لقی ئەندامانیان لە ئوروپا ( لیسە کۆپەر ). تاماس کۆگیەلا بەرپرسی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی ئالیانسی ئازادی و دیمۆکراسی هەنگاریا، پارتی سوسیال چەپی نۆرویژی، ئاڵیانسی سوری نۆرویژی ڕۆد (تورستەین داڵە سەرۆکی گشتی). ڤێنسترە پارتی ( پارتی لیبراڵی نۆرویژ( ئولە ئیلڤستووەن جێگری سەرۆکی پارتی لیبراڵ پارتی ڕاستی نۆرویژی هۆێرە سەنتەرە پارتی، بەرەی دیمۆکراتی گەلی سەرۆکی گشتی ) بۆ گەلی عەرەبی ئەحواز ( الجبهة الديمقراطية الشعبية للشعب العربي في الأحواز)کۆمەلگای عەرەبی بۆ بەرگری لە مافەکانی گەلی کورد مەحمود ئەبومەتەر، بەرەی ئازادیبەخشی عەرەبی ئەحواز، حیزبی مەردومی بەلوجستان.**

**جولانەوەی نەتەوەیی بەلوچستان ( زرمبش). ڕۆژنامە نووس وچاودێری سیاسی پاتریک ماک مانوویس کوپەنهاگن. ئەرلینگ فولکەفۆرد سیاسەتزانی نۆرویژی و نووسەر و دۆستی دێرینی گەلی کورد.**

**تێ بی نی : پاشماوەی هیندێک لە کارەکانی کۆنگرە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا تەواو دەبێت و لە بەیاننامەی ژمارە ٢ دا ناوی جێگرەکانی سەرۆکی گشتی و ئەندامانی جێگری کۆمیتەی سەرکردایەتی و ڕاوێژکارانی سەرکردایەتی نۆێتان پێشکەش دەکرێت. بۆ دیتنی وێنەی زیاتر لە سەر کۆنگرە دەتوانن لە ماڵپەری پارتی سەربەستی کوردستان کەڵک وەرگرن.**

**کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی یەکەمی پارتی سەربەستیی کوردستان.**

**٢٦ی گەڵاڕێزانی ٢٧٠٩ ی کوردی. ٢٠٠٩/١١/١٧ ی زاینی.**

www.psk2006.org , pskhewall@gmail.com